# ئاكارى لم

**موئەيەد زرارى**

**يانى،**
**ئه نفالى ئه زه لى ئه وان،**

**له تێكستێكى سه جعى زمانێك،كه به هارى كرده لمى بيابانى بێ-ڕۆح؛ تيايدا جوانترين ڕوو، هى شمشێرێكى پيرۆزى مه رگ بوو! مردن له ته نياترين ته نيايى، تێكه ڵاو بوون له گه ڵ ئاخى شوێنێك، ده بوايه نه فره تت ڵيبكردبايه. ئه م سه جعه تواية وه له خوا، بوو به سێبه رو ئينجا ئيديالى مه رگ؛ سه يره ئه م سزا-هه تا-هه تاييه سه پا به سه ر بێگوناهترين مرۆڤ، كه ژيانى چوار-وه رزى به س بوو بۆ به خته وه رى هه تا-هه تايى.**



## گۆتنێك "نـا"-كان

**ئه م نا ياخيه تێكشكا نى بووته كانى سه جعه، گێڕانه وه ى به ها مرۆيه كانه، به ها ى زيندووى ئافراندن، به هاى بروسك. ئه م نا ياخيه پرسى ويژدانه، ده بێ ديناميێتيش بێ بۆ خاش كردنى ئيديالى درۆى برايه تى جه للاد و قوربانى؛ ئه م نا يه ده بێ بۆ ئافراندنى مرۆڤێك، پێكه نينى پێ بێ. ده بێ ئه م نا يه ته نها هه ڵنه گرتنى درۆ ى قوره يش نه بێ، به ڵكو كارێك بێ، ڕێساكردنى زمانى تاك بێ، خۆى سه ردارى خۆى بێ، بندارى به رده وامى بكاته مێژوويه كى دۆڕاو، تاكو ئێستا بڵێ: "هاتنه وه ى ئه به دى".**

### ئێش

**بۆچى ئێستا نابيه پردێك بۆ ئه و به رزه مرۆڤه داهاتووه ى، ئامێرى وردوخاشكردى شه رم و به زه يیه؛ بۆ نابيه ڕوبارێك كۆتاييه كه ى زه رياية، نابيه بوونێك، ماندوو تا به خوايى بوون! ئه و كاته ته دزانى خێر و شه ڕ چيه، چوونكه شمشێرى حه قى عروبه پێنج هه زار بارزانى هۆلۆكۆستاند؛ له خه وى خه يام مرۆڤه سروشتيه كانى كرده قوربانى ئه وديوسروشتى عه ره بى! ئه گه ر ئه نفاله كان لێره بوان، ده تزانى " لۆ مه چ كر مه چ كر، مه خوه لى ب سه رێ خوه كر" خۆشحاڵيه، لانى كه م ئه ريستۆكراتێكى كوردى بۆيه ده بێ له بسمارك بچى؛ تۆش گۆتى؟ . ماركس ده ڵى: وجوود ديارى بير ده كا، هيگل به پێچه وانه وه، وجوودى كوردى هه ميشه له و ديويان بووه؛ ئه گه ر وجوود ديارى بيرى كوردى بكا، ئه مه چ بيرێكه، سه دان ساڵ، سيزيفه پێتپێده كه نێ؛ ئه گه ر بيريشى ديارى وجوودى بكا، ئه مه چ وجوودێكه ؟ به ڕاستى پێويسته لانى كه م بۆ ڕوخاندى ئيديالى لم، نيهيليزم هاوڕێت بێ... برا گوێ بگره : تا ئێستا كورد به ر ڕه شه باى هه موو ISM-ه كان كه وتوه، هه ر له سۆسياليزم و تۆرانيزم و كاپيتاليزم تا ده گاته، وڕێنه كانى پياوى ئيستيسلامبووى كوردا! پێويسته ببى به ديناميت؟هه موو بونيادنانێكى مرۆڤى له دواى تێكشانى ئيدياله درۆزنه كان دێ، له ناخم پرسيارێك هه يه، ڕه نگه نه توانم بيكه م؛ به لام پرسيارێكى گه وره له سه ر وشه ى كورد هه يه، ماناى هه ر چيه**

ک بێ، ئه وه ی که جێگای گریانێکی هه تاهه تاییه، ده وڵه تی نیه! ئه گه ر له **ده بێت–یشدا** بێ،ڕه نگه هه ر ناده وڵه تاندن بێ، چوونکه تاک د ه بێ ده بێ بمرۆڤێندرێ، ئه گینا کێچی زانایانی دینی له شمان ده خورێنێ، تکایه با دین له ده وڵه ت جیابێته وه؛ مرۆڤانی عه ره ب هه ر یه که و ا لله–یه کیان هه یه، باشترینیان داهێنه ری **"عبوه ناسفه یه"** به ئیدی منیش، خۆجیاکردنه وه ته نها به جوگرافیایه کی دیاریکراو ناکرێ، به ڵکو به که لتوور، له وه که لتوورئامێزتر نیه، خۆت له ڕه شه که لتوور جیا که یته وه، چوونکه له کتێبی حه قیقه تی ڕۆح، **ڕۆح** نزیکه له **ریح**، ده بێ **بای** بیابان چۆن بێ! بۆ چی ڕانامێنی له فێنکه بای هاوینانی ئوردی به هه شت؟ نوێژیان ئه نفال کردین، ته نها له به رئه وه خوامان کورداند؛ دایکم جارێک به ئاگر سوێندی خوارد. توڕه مه به، ئه گه ر بڵێم: که بیر له ئه ڵمان ده که مه وه، ئه ڵمانیا لام کۆنکرێته، که بیر له فه ره نسی ده که مه و، فه ره نسا لام به رجه سته یه، که بیر له جامایکی ده که مه وه جامایکا لام وڵاتێکه له کۆیله ئازاده کانی ئه فریقیا دروست بووه، ئه دی که بیر له کوردستان ده که مه وه، بێدوودڵی" **فه نتازیای ده و ڵه تی کوردی**" کورد به رده وام بوونێکی ماڵیکراوی ڕه ش بوو، ده بێ ئه و بوونه ئیستا لانی که م، ماڵیبکا؟ په روه رده کردنی زارۆکێک؛ ئه وه ی ره هایی له نیهیلیزم دا ده بینێته وه، یه کێکی ڕۆخێنه ر، ڕوخاندنی ئیدیاله نامۆکان، بچووککردنه وه ی دووه م، ڕامان له سروشت، که قوربانی لم بوو، به گازی ڕۆشنگه ری ڕۆژئاوا، به توڕه هاتیه کانی به یاننامه ی مافی مرۆڤ ! سه یره مرۆڤ! له گه ڵ ئه وه ی به زیترین به زه یی بوو به سوتماکی شه ڕ، له وێوه گه یشتمه ئه و ئیدیه ی که ده بێت کورد **ده وڵه تی هه بێ.** مرۆڤ ناکرێ هه تاهه تایی باسی **" له وانه یه "** بکا، ده بێ بیکا ئه گینا هه ر به سه ر داکراوه. ده بێ ئیدیالێک ببێته قوربانی یه کێکی تر ! ئیدیالی مه رگ تا ئێستا پیاسه له سه ر سفره ی نه وه ی داهاتوو ده کا، جارجار ده ڵێ: مه رگ کریستالیزه بووه له به هاکانم، تۆ ته نها گرگنێکی بۆت هه یه خۆشت بوێت؟ چوونکه عه وره ته، ئه گه ر به لم تێر نه بی، عه وره ته ئه گه ر وه ک کۆشکێکی لمی به با یه ک نه ڕوخێی! بۆ ئه وه ی بونیاد بنێی، ده بێت له جیاتی لم شاخ هاوڕێت بێ، ئه زانی کامه شاخ؟ به رزترین به رز؛ چ به هه شتێکه! خۆ دیتنه وه له هێز! سیسته مازتیزه کردنی سیزیف: تا له بوون بێ ناگاته ئه بستراکتری له سه ره وه بۆ خواره وه ڕۆچوون. ئه مه به رزترین ئه رکه، که لتووری تاک بگۆڕ، له کۆیله یه ک، ترسنۆکێک، بێڕوومه تێک، ڕه شبینێک، بێخۆشه ویستیه ک بۆ ئه و که سه ی که یاری به مۆڕا– به زه یی دێ، چوونکه به رجه سته بوو، که ئاکاری لاوازه کانه! let us make a new world, because, it is the most important thing for making an new man;we will be sure it is **Umwertung aller Werte**! **Eine Tugend ist ein Wille zur Macht**.